# جینۆسایدی کورد

عەبدوڵلا دلێر

**کێ هەیە لە وڵاتانی جیهانی خۆرئاوایی و ئیسلامی و عەرەبی بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە لەرێی سەفارەت و دەزگاکانی هەواڵگری و کەناڵە جیاجیاکانی پەیوەندی دبلۆماسی و ئابوری... تایبەت بەخۆیانەوە نەیانبیستبێ و نەیانزانیبێ کە رژێمی گۆربەگۆری بەعس لە ماوەی ٣٥ ساڵی حوکمرانی خۆیدا لە عێراق چ کارەسات و مەینەتی و نەهامەتیەکی بەسەر میللەتی کورددا هێناوە..!!**



چۆن لەلایەک بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادیەوە بەهەزاران خێزانی کوردی رەسەنی دانیشتوی شارەکانی کەرکوک و موسڵ و تکریت و بەعقوبەی ئاوارە و دەربەدەرکردووە و بەزۆر موڵک و ماڵ و سەروەت و سامانیانی زەوتکردوە و لەجێی ئەوانیش بەهەزاران خێزانی عەرەبی هاوردەی لە شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراقەوە نیشتەجێی کردوون و بەو شێوەیەش ویستویەتی سیمای نەتەوایەتی کورد لەو شارانە بسرێتەوە و دیموگرافیای دانیشتوانەکەش بگۆرێ و لەلایەکی تریشەوە بەبەرنامەیەکی دارێژراو پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی جێ بەجێکرد و کەمەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە تەنها و تەنها قرکردنی کوردبوو، سەرئەنجامیش زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کوردی بێ تاوان تیایدا بێ سەرو شوێن کران کە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان ژن و مناڵ و کەس و کاریان چاوەروانی دۆزینەوەی چارەنوسیانن ئەمە سەرەرای وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و لەرەگەوە هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان بوو کە پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەموو توانا و ئیمکانی خۆیەوە ناتوانێ بەدەیان ساڵی تر ئەو برینە سارێژبکاتەوە سەرباری ئەمانەش هەموو، گەورەترین و قێزەونترین تاوانی لەمێژوودا دژ بە خەڵکی بێ گوناهی هەڵەبجە و قەراغ و و قەڵاسێوکە و دۆڵی جافایەتی و خۆشناوەتی کرا بە بۆمباران کردنیان بەچەکی کیمیایی قەدەغەکراو..

ئەگەر تا دوێنێ ئەم هەموو تاوان و زوڵم و ناهەقیانەی رژێمی بەعس بەرانبەر بەکورد و لەلایەن وڵاتانی دونیاوە چاویان لە ئاستا نوقانبوو و زمانیان لە ئاستیا لاڵ ببوو و گوێچکەیان لە ئاستیا کەرببوو، بێشک لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسیەکانیان بوە لەگەڵ رژێمی بەعس..

بەڵام ئێستر حەق وایە دوای روخانی رژێمی بەغدا ئەو وڵاتانە ویژدانیان بجوڵێت و دان بەوەدا بنێن کە ئەوەی ئەو رژێمە کردویەتی بەرانبەر بە کورد جینۆساید بووە..!

راستە ماوەیەکە لە هەندێ لەوڵاتانی خۆرئاوا کۆمەڵێک رێکخراو و کەسایەتی دڵسۆزی کورد

هەنگاوی زۆرباشیان ناوە بۆ پەیداکردنی پشتگیری بۆ بەجیهانیکردنی جینۆسایدی کورد لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە هاوشانی ئەو ڕێکخراو و کەسایەتیانە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و شەهیدانەوە چەندین هەنگاوی گەورەیان ناوە لەوانە سەردانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێفی پایتەختی سویسرا و بەستنی کۆنگرەی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لە هەولێر، بەپشت بەستن بە بریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و هەردوو پەرلەمانی کوردستان و عێراق..

لەلایەکی تریشەوە هاتنی سەرۆکی ڕێکخراوی جینۆساید ووچ دکتۆر گریکۆری سانترن بۆ کوردستان و هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ بەستنی کۆنگرەی دوەم دەربارەی بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی کورد لە ٢٠٠٦/٣/١٦ لە برۆکسلی پایتەختی هۆڵەندا..

سەرەرای هەموو ئەو هەوڵانە هیچ گومانی تیا نیە مەسەلەی بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی کورد کارێکی هەروا ئاسان و بێ کێشە و سەرئێشە و ماندووبوون و گیرگرفت نیە، پێویستی بە پشتگیری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەشێکی زۆری وڵاتانی دوینا هەیە لە پێش هەمووشیانەوە پشتگیری خودی حکومەتی عێراق..

ئەبێ حکومەتی عێراق بەر لەهەموو وڵاتێک دان بەوەدا بنێ کە کورد لە عێراقدا و لەسەردەمی سەدام حوسێن دا جینۆساید کراوە و ئەبێ تاوانبارانیش دادگایی بکات و داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکات و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی زیان لێکەوتوانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران بکات و بەڵێنی دووبارە نەبونەوەی ئەو کارەساتەش بەکورد بدات و هەوڵی جدیش بدات بۆ پەیوەندی کردن بە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دونیا بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری..

ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەودوا هەوڵەکانی خۆی چڕتر بکاتەوە و لەرێی نوێنەرەکانیەوە لە وڵاتانی جیهان و پەیووەندی بە حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی ئەو وڵاتانەوە بکەن بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری و پشتیوانی بۆ ئەو پرسە گرنگە..

نابێ ئەوەشیان لە بیر بچێت کە هاوکێشە سیاسیەکان لەدونیادا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکان ڕێز بەندکراون بۆیە پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بەدەستهێنانی پشتگیری یا بەدەست نەهێنانی، چونکە هەمووومان باش دەزانین کە کەیسی ئەرمەنیەکان کەیسێکی زیندو و لەبەرچاوە کە چۆن لەساڵی ١٩١٥ ەوە تاوەکو ئێستا دەستی دەستی پێ دەکرێ لەنێوان ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ تورکیا هەیە و ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ دا نیە..

باشترین بەڵگەش هەڵوێستی جیاوازی هەردوو حیزبی کۆماری و دیموکراتیەکانی ئەمریکا بوو لەسەر دان پیانان و دان پیانەنان بە جینۆسایدی ئەرمەنیەکان.

